# چالاکی هونەری ساڵی ( 1973 )

هێندەی ئاشکرایە سەرجەم چالاکیە هونەریەکانم بەستراوە بەتیپی مۆسیقای شنروێ وە, چونکە یەکێك بووم لەدەستەی دامەزرێنەرانی ئەو تیپە وە ئەو مێژووەش دەگەڕێتەوە بۆ :

1- ( 26 / 4 / 1973 ) کە هەموو بەڵگەکان ئەوە دەسەلمێنن کە ئەم ئەندامانە تیپی موزیکی شنروێمان دامەزراند لە ڕۆژەدا کە لەتەمەنی ( 17 ) ساڵسدا بووم :

1- ئازاد صاڵح

2- ئومێد نوری

3- مستەفا کمال خفاف

4- حکمت توفیق هەورامی

وە پاش ماوەی چەند مانگێك ئەم ئەندامانە هاتنە ڕیزی ئەم تیپەوە کە لە پێشدا بەناوی ( تیپی مۆسیقای هەڵە بجە )وە ناوبراو بوو وەك لەبواری موزیك ( فواد محمد محمود, شازاد کریم, عزیز بابان ) لەبواری گۆرانیشدا ( سەرکۆ ئەحمەد ).

ئێمە لەکاتانەدا چەند لاوێك بووین تەنها هونەرمان خۆش دەویست بە بێ مامۆستا بەگوێ, پاشان گەڕان بەخوێندنەوە و ماندوبوون و پرۆڤە کردن توانیمان بۆ یەکەم جار لەسەر شانۆ دابەزین وە ئاهەنگێك ساز بکەین لەسەر شانۆی ئامادەیی کوڕان لەهەڵە بجە لەگەڵ شانۆگەریەك لەنوسینی ( محمد غفور شریف ) وە دەرهێنانی ( جەمال مەلا قادر ) بەناوی ( ووزەی بیرو بازوو ) لەبەرواری ( 14 / 7 / 1973 ) بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ بەم شێوەیە بەشداریمان کرد.

| ز | مۆسیقاژەنەکان | ئامێرەکان | گۆرانی | ووتنی | کۆرس |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | فواد محمد محمود | کەمان | شیرین هەلامە | سەرکۆ ئەحمەد | بەختیار محمد محمود |
| 2 | ئازاد صاڵح | کەمان | هویار محمد | جوانی لای بانە | ئیبراهیم صاحب |
| 3 | مصطفی کمال خفاف | کەمان | ڕاستەی خیابان | بەختیار هاشم | کامەران کمال |
| 4 | ئومێد نوری | ئۆکۆردیۆن | لایە لایە | بورهان | واحد ئەحمەد |
| 5 | حکمت توفیق | شمشاڵ | ڕەفیقان | سیروان کاکەیی | سەرکەوت ئەحمەد |
| 6 | عزیز بابان | دەف | کوردستان | کۆرس | ئومێد نوری |
| 7 | شازاد کریم | زەڕب | | | |

2- لەبەرواری ( 20 / 7 / 1973 ) ئەم ئاهەنگەو شانۆگەریەمان لە ( تەوێڵە+ خورماڵ+ پێنجوێن ) نمایش کرد.

( 2 ) ڕۆژ لەتەوێڵە ( 1 ) شەو لەخورماڵ ( 2 ) شەو لە پێنجوێن وە ئەوەی شایانی باسە ئەم ئاهەنگە بەبلیت بوو کە نرخەکەی ( 250 ) فلس بوو.

3- لەبەرواری ( 16 / 8 / 1973 ) ئاهەنگێکمان لەئامادەیی کوڕان لەهەڵە بجە سازکرد بە بۆنەی یادی دامەزراندنی ( پ. د . ك ) ەوە وە لەم ئاهەنگەدا گۆرانیبێژ ( عومەری خەزان ) بەشداری کرد بە مەقامی هومایون و بەستەی ( کۆچی یارم ).

لە بەرواری ( 1973/9/11 ) لەبەردەم بارەگای یەکێتی لاوان بە بۆنەی شۆڕشی ئەیلولەوە ئەنجام درا.

# چالاکی ساڵی ( 1974 )

1- ئەو کاتانەی قوتابی شەشەمی ئامادەیی بوم وە هەر لەو ساڵەدا وەك سەرۆکی تیپ لە تەمەنی ( 18 ) ساڵیدا هەڵبژێررام وە لە پشوی نیوەی ساڵدا و لەبەرواری ( 18 / 2 / 1974 ) ی و ماوەی ( 10 ) ڕۆژ ئاهەنگێکمان گێڕا لە هۆڵی ئامادەیی کچان لەهەڵە بجە ئەم گۆرانیبێژانە بەشدارییان کرد :

* عومەری خەزان — مەقامێك و گۆرانیەك

* ئازاد محمود و عەلی سعید جواهیر و سیروان کاکەیی — سێ قۆڵی ( خاڵەی ڕێبوار )

* سرودی ( پێشڕەوی گەل )    ئاوازی ئومێد نوری    ووتنی کۆرس
* پارچە مۆسیقایەك بە ناوی ( شنروێ )    دانانی ( مصطفی کمال خفاف )
* بۆ یەکەمین جار ئاوازێکم دانا کە لەلایەن کۆرسەوە دەوترا بەناوی ( هیوای ژیان ) لە هۆنراوەی ( لەتیف شێخ عارف ) کە ئیلهامی ئەم ئاوازەم لە شمشاڵەکەی مینەی لولەك ژەنەوە وەرگرتبوو.
* ئۆپەرێتی ( دەمەو بەیانە ) لە ئاوازی ( ئەحمەد دەنگ گەورە ) وە هۆنراوەی ( فتاح کاوە ) کە لەڕۆژنامەی ڕزگاری سالآنی شەستەکان بلاّو کرابۆوە لە ئامادەکردنی ( ئومێد نوری ).
ئەم ئاهەنگە لەگەڵ شانۆگەری ( لەڕێی وولآتدا ) پێشکەش کرا کە لەدەرهێنانی ( جمال مەلا قادر ) لە بەرهەمی تیپی نواندنی هەڵەبجە بوو.
تێبینی:
پاش ماوەیەکی کەم وە پاش چەند مانگێك شۆڕش هەڵگیرسایەوە وە لەبەرواری ( 24/ 4/ 1974 ) شاری قەلآ دزێ وە لە ( 1974/4/26 ) شاری هەڵەبجە بە ناپاڵم بۆردومان کران, هەریەك لە ئەندامان پەرتەوازەی ئێران و عێراق بووین. بۆیە چالاکی هونەریمان وەستا و لەکارکەوتین.
شایانی باسە ( 2 ) ئافرەت بۆ یەکەم جار گۆرانیان ووت بەناوەکانی ( ئاواز جمال + ڤیان احمد ).

# چالاکی ساڵی ( 1975 )

لە کۆتایی ساڵی ( 1974 ) لە زانکۆی بەغداد لە کۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابوری وەرگیرام, ئەوەی شایانی باسە لەبەشی ویژەیی ئەو ساڵەدا بەیەکەمی پارێزگای سلێمانی دەرچووم وە بەیەکەم هەڵبژاردنم وەرگیرام کە ئەم بەڕێزانە لەدەورەی منن:
( پارێزەر جمال حمەکۆڵ – دکتۆر سەلام فرج – دکتۆر فەرەیدون عەبدول بەرزنجی – حاکم افراسیاب ئیبراهیم )
وە پاش چاو کرانەوەم لەبەغداد پەیوەندیم کرد بە مەڵبەندی ڕۆشنبیری زانکۆی بەغدادەوە, لەهاوینی ئەم ساڵەدا واتە ساڵی ( 1975 ) لەگەڵ هونەرمەند ( مصطفی کمال خفاف ) بەدوو قۆڵی پرۆڤەمان لەکتێب و سەرچاوەی زانستی مۆسیقادا دەکرد, چونکە لەزانکۆدا بەشداریم کردبوو لە خولی نۆتەو تیۆرەکانی مۆسیقادا.

# چالاکی ساڵی ( 1976 )

بۆماوەی ( 1 )ڕۆژ لەبەرواری ( 17 / 7 / 1976 ) ئاهەنگێکمان لەشانۆیی ئامادەیی هەڵەبجە سازکرد ئەوەی شایانی باسە ئەو شانۆیە پەردەی نەمابوو بە پارەی ئەو ئاهەنگە پەردەیەکمان بۆ کڕی وە کچێك بەناوی ( پەروین هاشم ) گۆرانی ( پەلکە ڕەنگینە ) ی ووت لە هۆنراوەی ( گۆران ) ئاوازی ( م.ئەنوەر قەرەداغی ).
وە تیپی شانۆیی هەڵەبجە شانۆیی ( مەشخەڵ ) یان پێشکەش کرد پاشان ڕژێم نەیهێشت ئاهەنگەکە بەردەوام بێت.

# چالاکی ساڵی ( 1977 )

1- من بۆ خۆم لەکاتی خوێندن کە لەبەغداد بووم ڕۆژانە سەردانی بنکەی هونەری زانکۆم دەکردو وە لەگەڵ تیپی زانکۆی بەغداددا بەشداریم دەکرد.
2- لەهەڵەبجە لەهاوین لە قوتابخانەی شاهۆی کچان خولێکی فێرکردنی مۆسیقام کردەوە کە چەند قوتابیەکم هەبوو توانیم تا کۆتایی پشووی هاوین چەند کەسێك فێری رمۆسیقا بکەم لەوانە : ( ئەحمەد عەلی, ئەندازیارە لەهەندەران – ڕزگار فەرەج- حمەئەمین علی, پارێزەرە )
بۆ باسکردن گونجاوە کەی ئەم یاداشتانەم لەیادگارەکانمدا نوسیوە بەوەی کە جاران مۆسیقاو شانۆ پێکەوە بوو.
لەو ساڵەدا تیپێك دامەزرا بۆ شانۆ بەناوی ( تیپی میللی وەفایی ) لە یادی نەورۆزدا وە لەهەڵبجە شانۆگەریەکیان پێشکەش کرد بەناوی ( شێتی نیشتمان ) لە نوین و دەرهێنانی ( فواد حمە فرج ) بوو, ماوە بڵێم کە ئەم شانۆگەریانە زۆربەی هەستی نیشتمانیان هەبوو.

3- له بەرواری ( 1977/11/17 ) وه لەڕێگای عەنەب ئەو کاتە تازە ئۆردوگا زۆرەملێکان بناغـەیان دانرابـوو مـن و دوو بـرادەری تـر کـە یەکێکیان لە دەزگای ڕۆشنبیری و بلاو کردنەوەی کوردی فەرمانبەر بوو بەناوی ( هێرش محمد ئەمین ) وه هاوڕێیەکی دیم بـەناوی ( ئەحـمـەد مشیر ) گفتوگۆیەکی ڕۆژنامەوانیمان کرد, هەروەها تۆمارکردنی دەنگی شمشـاڵ ژەنـی میللـی ( مینـەی لولـك ژەن ) مـان کـرد, لەڕۆژنامـەی هاوکاریدا ( هێرش محمد ئەمین ) بەناوی خۆیەوە بلاوی کردەوە هەرچەندە هەموو پرپارەکان من لێم دەکرد,هەر هەمان ساڵ لە دوالاپـەڕەی هاوکاری ڕۆژی ( 1977/12/15 ) نوسینێکم لەسەر تیپی مۆسیقای هەڵە بجەی ئەو کاتە بلاو کردەوە ( 5 ) دینار مکافەئەم وەرگرت.

# چالاکی ساڵی ( 1978 )

1- جـاره جـاره کـه لەبەغـداد ئەهاتمـەوە لە پشـوەکاندا هـەوڵی چـالاکی هونـەریم ئـەدا بۆیـە بۆماوەیـەکی کـەم پرۆڤـەمان کـرد وە لە( 1978/2/18 ) لەگەڵ تیپی میللی وەفایی ئاهەنگێکمان لەهۆڵی ئامادەیی کچان ساز کرد چەند گۆرانیـەکمان پێشکەش کـرد لەوانـە گۆرانیەکی نویَ ی تێدا بوو لە ئاوازو هۆنراوە و ووتنی هونەرمەند ( ئازاد محمود سەراج ) – ئێستا لەئەمریکایە – بەناوی ( خەو ) بۆ ماوەی ( 4 ) ڕۆژ لەگەڵ شانۆگەریەك بەناوی ( لەدایك بونێکی تر ) لە نوسین و دەرهێنانی ( بەهادین بەکر ) – ئێستا لە فنلەندایە-
ئەم گۆرانیبێژانە بەشدارییان کرد ( بەهار حمەسعید – علی سعید جەواهیر – بەختیار هاشم )
2- لەیادی نەورۆز وه لەبەرواری ( 1978/3/21 ) بەیارمەتی چـالاکی قوتـا بخانـەکان چـەند تابلۆیـەکی هەڵپـەڕکێمان پێشکەش کـرد لەوانە :
- تـابلۆی دایکم لەئاوازی م.ئەنوەر قەرەداغی
- گۆرانی یان دیالۆکی دوقـۆڵی لەلایـەن دووکـەس ( ملیحـە محمـد ئـەمین,ئێسـتا لەهەندەرانـە + عبدالباسط جلال, ئەنـدامی یـەکێتی زانایانی ئیسلامییە لەکوردستان ) بەناوی ( هانام بردە خالقی ) لە ئامادەکردنی ( ئومێد نوری ).
وه تیپی نواندنی هەڵە بجە شانۆیی شانۆگەری ( لافاو ) ی ئامادەکردبوو بەڵام ڕژێم نەیهێشت نمایش بکرێت, جێـی سـەرنج ڕاکێشـانە کـە نەخنەی پڕوپاگەندەکە بۆماوەی ( 4 ) ڕۆژ لە ( 21-3/24 ) لەبازاڕدا مایەوە.
3- ئو ساڵە لەهاویندا خولی فێربوونی مۆسیقام بۆ منالاَن کردەوە.

# چالاکی ساڵی ( 1979 )

ئەو ساڵە زانکۆم تەواو کردبوو وه کامێرایەکی سینەماییم کڕیبوو, چالاکیە هونەریـەکانم بـە کـامێرا وێنـە دەگرت, لەلەنـدەن بەبریـد دەمنارد دەشۆرایەوە, بەرهـەمی گۆرانی و مۆسیقاو شـانۆگەریمان پێشـکەش دەکـرد لـە بـەرواری ( 1979/2/20 ) شـانۆگەریەك بـەناوی ( مەسەلەی ویژدان ) لە نوسینی ( ئەحمەد موختار جاف ) وه ئامادەکردنی ( حکیم مەلا صالح ) وه ئاهەنگێکمان سازکرد.
1 - سرودی ئەی وەتەن زیوەر ئاواز کۆن
2- گۆرانی ئارەزومە نەسرین حسن زیرەك علی سعید جواهیر
3 - بەناز دارا محمد عوسمان
4 – لەو ساڵەدا ئاوازێکم بۆ منالاَن دانا بە ناوی ( کۆترێکی نەشمیلانە ) وه بەشێوەی پۆپێرا پێشکەش کـرا لـە ئـاوازی ( ئـازاد صـالح ) وه هۆنراوەی ( لطیف شێخ عارف )
5- تـابلۆیەك بەناوی ( بۆتۆرای ) ئامادەکردنی ( ئازاد صالح ) ووتنی ( هەردی تۆفیق ) – ئێستا دکتۆرە لەهەندەران-
6- گۆرانی ڕەفیقان ئاوزو ووتنی ( سیروان کاکەیی ) ئامادەکردنی ( ئازاد صالح ) هۆنراوەی ( کوردی )

تێبنی : چەند وێنیەك ئەم ئاهەنگە بەڵگەدار دەکات.

# چالاکی ساڵی ( 1980 )

1- لەشەوی ( 1980/1/1 ) لە ئۆتێل حەسیب صالح لە سلێمانی بە بۆنەی سەری ساڵی میلادیەوە ئاهەنگێکمان گێڕا هەتا کاتژمێر ( 12 ) ی شەو بەردەوام بوو.

**2- تیپی مۆسیقای شنرویٚ و تیپی نواندنی هەڵەبجە هەڵسان بەگێڕانی ئاهەنگی گۆرانی و مۆسیقا شانۆگەری ( میرات ) لە هۆڵی ئامادەیی کچان لەهەڵەبجە لەبەرواری ( 14-1980/2/20 ) بۆماوەی ( 6 ) ڕۆژ هەروەها بۆ یەکەمین جار توانیمان تیپێك بۆ منالاّن دروست بکەین بەناوی ( تیپی مۆسیقای منالاّنی مامڵیٚ ) کە چەند گۆرانبێژێك بەشداربوون کە چەند وێنەیەك ئەو نوسینە بەڵگەدار دەکات.**

" مكتب الشباب لنهضة المستقبل "

السيد مسؤول مركز شباب ومسؤول مكتب شباب حلبچة

[illegible]

باسم فرقتي الموسيقى والتمثيل التابعة لمركز شباب حلبچة.

ادناه نصوص الاغاني والمسرحية المزمع عرضها في حفلة بمناسبة رأس السنة الميلادية الجديدة. لذلك نرجوا الاطلاع عليها واعلامنا النتيجة بأقرب وقت ممكن لكي نقوم بالبروفات اللازمة لتقديمها، واعتباراً من ١/١/١٩٨٠ لمدة اربعة أيام، هذا ولكم جزيل الشكر والتقدير.

رئيس فرقة الموسيقى
ئازاد صالح صابر

رئيس فرقة التمثيل
حكيم صالح عبدالكريم

النقطة الاولى: المسرحية بعنوان ( الميراث ) المنشورة في مجلة "المثقف الجديد" العدد ١١، ص ٥٨-٥٩.

النقطة الثانية: ١- نشيد وطني بعنوان "ئەم وەهەش" من اشعار الشاعر الكردي المرحوم رحيم رجائي المنشورة في ديوانه.

ئەمەو هەڤشن دەرگە سەیدی کورد خەزەرە رتانە
هەروو ئارێی عالەم شەهیدێ ئەزلی و هەوە رتانە
بەرانبەر هەرکە خوێنیت بڕێ لیفا عەرەبی دووەمان
هەموو ئان وزەمانێ هەلێنی ئەگاتە وسوەرتانە...

النقطة الثالثة: قطعتين من الموسيقى

النقطة الرابعة: مجموعة من الاغاني الفولكلورية.

النقطة الخامسة: الدبكة الكردية.

المسؤول النشاط الفني
في اتحاد الشباب
ومدرب الموسيقى في مركز الشباب
هه ڵکه وت محمد ابراهيم






3- له شه‌وی ( 1980/4/15-14 ) له‌هۆڵی کارگه‌ی جگه‌ره‌ی سلێمانی له ڤیستیڤاڵی هونه‌ری مه‌ڵبه‌ندی لاوانی کوردستان به‌شداریمان کرد به‌تیپی مناڵان و تێکه‌ڵ له‌گه‌ڵ چه‌ند ئه‌ندامێکی تیپی شنروێ. وه له‌ئه نجامدا :

تیپی مناڵان به‌دووه‌م ده‌رچوو

کۆرس دووه‌م بوو به‌هاوبه‌ش له‌گه‌ڵ ڕه‌واندوز

له‌جلوبه‌رگدا چواره‌م بووین

تیپی مناڵانی ڕه‌واندوز یه‌که‌م بوو

لێژنه‌ی ته‌حکیم بریتی بوو له :

- م. ئه‌نوه‌ر قه‌ره‌داغی
- م. خالد سه‌رکار
- م. فره‌نسیس داود

له‌م ڤیستیڤاڵه‌دا ئه‌م به‌رهه‌مانه پێشکه‌ش کراك

* مۆسیقای ( یادی هه‌وار ) دانانی ( ئازاد صالح )

* گۆرانی ( خاڵداری ) لەلایەن ( گۆنا محمد + ڕزگار سلیم ) ئامادەکردنی ( ئازاد صاڵح )

* بەتۆری کرد - ( گۆنا محمد ) ئامادەکردنی ( ئازاد صاڵح )

* شەماڵ بیشەنیّ- ئاوازی ( ئازاد صاڵح )

* گۆرانی ( مەیرۆ ) ووتنی ( بەهار حمەسعید ) ئامادەکردنی ( ئازاد صاڵح )

4- لەبەرواری ( 1980/6/20 ) گەشتێکی هونەری و وەرزشیمان کرد بۆ پارێزگاری دهۆك بۆماوەی یەك هەفتە لەچەند سەیرانگایەکی دهۆك وەك ( سۆلاڤ - عمادیە – ئاینشکی - زاخۆ ) گەشتی هونەریمان کرد.



پاشان لەبەرواری ( 1980/7/20 ) کرام بەسەرباز لەبەرواری ( 1980/9/24 ) شەڕی ( ئێران- عێراق ) دەستی پێکرد ئیدی چالاکیە هونەریەکانمان بەگشتی وەستا. ئێمەش سەرقاڵی باری سەختی سەربازی و هەلاّتن بوین.

5- لەبەرواری ( 21/ 8 / 1980 ) بەکامێرای سینەمایی گۆرانیەکم بۆ ( هەردی تۆفیق ) تۆمارکرد.

6- نمایشی سالانەی وەرزشی لە هەڵەبجەی شەهید 1980 یاریگای هەڵەبجە



7- ئاهەنگێك 1980 سلێمانی ـ حەسیب صاڵح

8- فێستیڤاڵی لاوانی کوردستان 1980 هەولێر ـ هۆڵی ئیبن مستەوفی



9- فێستیڤاڵی گۆرانی فۆلکلۆری 1980 موصل ـ هۆڵی شەعب



## چالاکی ساڵی ( 1981 )

**بەهۆی سەربازییەوە نەمانتوانی هیچ چالاکیەك ئە نجام بدەین هەرچەندە هەندێك لەئەندامان کە خوێندکار بوون سەرقاڵی پرۆڤەکردن بوون.**

1. **ئاهەنگێك 1981 حەبانیە**

## چالاکی ساڵی ( 1982 )

1- لـە ڕۆژی ( 18/ 7/ 1892 ) لـەهۆڵی ڕۆشـنبیری هـەولێر بەسەرپەرشـتی بەڕێوەبـەرێتی ( دەزگـای بڵاوکردنـەوە و ڕۆشـنبیری کـوردی لەبەغداد ) ڤیستیڤاڵی تیپەکانی کوردستان سازکرا ئێمەش بەم بەرهەمانە بەشداریمان کرد بەشێوەی میللی و ڕۆژهەلاتی :

| ز | گۆرانی | ووتنی | ئاواز | ئامادەکردن |
|---|---|---|---|---|
| 1 | کەنیلەو گوڵەکەم نەخشانم | شـێخ جـەمال – ئێسـتا لـە ( PUK.TV )ە | فۆلکلۆر | ئازاد صالح |
| 2 | جوانان | محمد لامرکزی | فۆلکلۆر | ئازاد صالح |
| 3 | هەی یار | سیروان کاکەیی | بەختیار عبدالله | ئازاد صالح |
| 4 | کوڵە نجە | کۆرس | فۆلکلۆر | عمر حمەرحیم |
| 5 | نارنجە- بەلار | محمد ئیبراهیم عبدول | فۆلکلۆر | ئازاد صالح |

وە لەتەلەفزیۆنی بەغداد و ئێزگە ئەم بەرهەمانی تۆمار کرا, ئەمەش یەکەم ار بوو کە بەرهەمەکانمان لـە تەلـەفزیۆن تۆمـار بکرێت وە لەڕۆژنامەی هاوکاری چەند گفتوگۆیەکمان لەگەڵ سازکرا0






2- تۆمارکردنی کاسێتێکی دەنگی بۆ ( محمد ئیبراهیم عبدول ) لەبەرواری ( 1982/10/13 ) کە بریتی بوو لە ( 7 ) حەوت گۆرانی کە هەمووی لەئامادەکردنی ( ئازاد صالح ) بوو. وە بەژمارە کتابی ( 79 ) ئاراستەی خاوەن تۆمارگەکان کرا بۆ بڵاوکردنەوە کە لەڕۆشنبیری جەماوەر لەهەڵەبجە دەرچوو بوو.

3- ئاهەنگێك و كۆڕێك 1982 هەڵەبجە ـ هۆڵی قوتابخانەی شاهۆ



الجمهورية العراقية

المجلس التنفيذي لمنطقة كردستان
الامانة العامة
لادارة الثقافة والشباب
مديرية
العدد
التاريخ

4- فێستیڤاڵی لاوانی كوردستان 1982 كۆیە هۆڵی مەڵبەندی لاوان



5- ئاهەنگێك ( حەمە قوتو ـ بەختیار مەریوانی          1982 هەولێر ـ هۆڵی ڕۆشنبیری

# چالاكی ساڵی ( 1983 )

1- لەمانگی ( 12 ) ی ( 1983 ) پاش ڕەزامەندی تەلەفزیۆنی كەركوك توانیمان ( 4 ) گۆرانی بەتیپی میللی بۆ ئەم دوو گۆرانیبێژە تۆمار بكەین :

| گۆرانی | ئاواز | ئامادەكردن | ووتنی |
|---|---|---|---|
| * گوڵەكەم | فۆلكلۆر | ئازاد صاڵح | محمد ئیبراهیم عەبدول |
| * قاسم خان | فۆلكلۆر | ئازاد صاڵح | محمد ئیبراهیم عەبدول |
| * كەتانە | فۆلكلۆر | ئازاد صاڵح | عثمان كێمنەیی |
| * كاڵەبەی | فۆلكلۆر | ئازاد صاڵح | عثمان كێمنەیی |

وە ئەمەش یەكەمین بەرهەم بوو كە لە ستۆدیۆكانی تەلەفزیۆن تۆمار كرا وە تۆماری دەنگەكەی لە تیپی مەولەوی بوو لەسلێمانی.

2- لە مانگی ( 9 ) ی ساڵی ( 1983 ) بەشداریمان كرد لەمیهرەجانی لاوانی كوردستان لە دهۆك كە چەند تیپێك بەشدارییان كرد وەك ( سلێمانی – هەولێر – دهۆك – ڕەواندوز – كۆیە – چەمچەماڵ – هەڵە بجە ) كە لیژنەی هەڵسەنگاندن بریتی بو لە ( دڵشاد محمد سعید ) لەكۆتاییدا تیپی لاوانی سلێمانی یەكەم بوو وە تیپی شنروێ دووەم بوو وە ڕەواندوز سێیەم و كۆیە چوارەم.

ئەم بەرهەمانە پێشكەش كرانك

| گۆرانی | ووتنی | ئامادەكردن |
|---|---|---|
| * كراسەكەت مۆرە | كامەران ئەحمەد | ئازاد صاڵح |
| * ڕەنگی زەردم | كامەران ئەحمەد | ئازاد صاڵح |
| * ئەی هاوار لەیلێ | ئەڵوەن علی | ئازاد صاڵح |

وە چەند بەرهەمێكی دی پێشكەش كران.





3- ئاواز دانان بۆ ئۆپەرێتی ( سەوزە ) كە زیاتر لە ( 8 ) ئاواز بوو, وە لەسەر شانۆ لەمانگی ( 6 ) ی ( 1983 ) نمایش كرا كە تیپی نواندنی منالآن ئە نجامی دا.




4- لە ڕۆژی ( 1983/2/6 ) سازكردنی ئاهەنگێك لەسینەمای هەڵەبجە بۆ ماوەی ( 6 ) ڕۆژ وە لەهاوكاریدا لەسەری بلآو كرایەوە, وە شانۆگەری ( كێشە ) كە زۆربەی گۆرانیەكانم ئامادە كردبوو.









## چالاکی ساڵی ( 1984 )

**1-لە مانگی ( 4 ) ی ( 1984 ) ئاهەنگێکمان سازکرد لەهۆڵی رۆشنبیری هەڵەبجە بۆ ماوەی سێ رۆژ.**

2-له ( 1984/9/9 ) بەرنامەی ( پەلکە زێڕینە ) کە دەرهێنەر و پێشکەشکەری ( محمد رحيم رمضان ) بوو, کە تایبەت بوو بە منداڵان ,
چەند 3-بەرهەمێك و تابلۆی هەڵپەڕکێمان تۆمار کرد بۆ ئەو بەرنامەیە کە دەرهێنەری تەلەفزیۆنی ( لبرۆڤ سیمۆن ) و کامیرای ( احمد رمضان ) بوو و لە تەلەفزیۆنی کەرکوك پەخش کرا , هەروەها لە رۆژنامەی ( العراق ) بە عەرەبی ( شيرزاد عبد الرحمن ) لەسەری نووسی کە بەرنامەیەکی سەرکەوتوو بوو.







ئاواز دانان بۆ ئۆپەرێتی منداڵان کە پتر لە ( 12 ) ئاواز بوو لە نووسینی ( شفيق محمد ) و دەرهێنانی ( محمود علی ) بوو وە لەسەر شانۆی رۆشنبیری هەڵەبجە پێشکەش کراو پارەیەکی زۆری تێچوو وە لەسەری قەرزار بووین بۆیە ناچار بووین ئاهەنگێك لە ( سيد صادق ) ساز بکەین بۆ قەرەبووی ئەو زیانە.





4-لە پایزی هەمان ساڵ توانیمان ئۆپەرێتی ( رێویە و لە پێستی شێردایە ) کە لە گۆڤاری کاروان بڵاو کرابووە وە تۆمار بکەین بۆ تەلەفزیۆنی کەرکووك وە نزیکەی سەعات و نیوێك دەبوو ناچار بە دوو زنجیرە گیرا کە دەرهێنەری تەلەفزیۆنی ( صباح رشاد ) دەرهێنەری بوو و تا ئێستاش لە ئەرشیفی تەلەفزێنی کەرکوکدایە.

5- ئاهەنگێك لە سەید صادق 1984هۆڵی قوتابخانەی دواناوەندی سەید صادق





## چالاکی ساڵی ( 1985 )

1-تۆمارکردنی ئۆپەرێتی ( سەوزە ) لەمانگی ( 2 ) ی ( 1985 ) بۆ تەلەفزیۆنی کەرکوك وە منالآن زۆر خولیای ئەم ئۆپەرێتە بوون کە ئاواز و جولەکانیم دانابوو , ئێستاش لە تەلەفزیۆن نیشان دەدرێت.

## چالاکی ساڵی ( 1986 )

1-ئاواز دانان بۆ گۆرانی شانۆگەری بەناوی ( خەمی ژین ) هۆنراوەی ( صلاحە رەش ) ووتنی ( ووشیار حمە فرج ), بۆ شانۆگەری ( كۆچی هەتا هەتایی ).

2-ئاواز دانان بۆ سروودی ( سەربەستی ) لە شیعری ( بۆل ئیلوا ) بۆ شانۆگەری ( ولیەم تیل ).

## چالاكی ساڵی ( 1987 )

1- ئاواز دانان بۆ گۆرانی شانۆگەری بەناوی ( كلیل ) لە نووسینی ( یوسف العـانی ) و وەرگێرانـی ( نزارنـوری ) هـەروەها تیپـی شـنرویٚ هەستا بە جێبەجیٚ كردنی كە پتر لە ( 12 ) ئاواز بوو كە ئێمە لە خوارووی شانۆكەوە بەشێوەی زیندوو ئاوازەكا نمان دەژەند.


تیپی نواندنی هەلەبجە
سەر بە مەڵبەندی لاوان
بەهاوبەشی
تیپی مۆسیقای شنرویٚ
شانازی
كلیل
پێشكەش ئەكات

نوسینی / یوسف العانی
وەرگێرانی / نزار نوری
دەرهێنانی / رێبوار نوری

لەسەرشانۆی مەڵبەندی لاوان
لە رۆژی ٢٥/ ٧ / ٩٨٧ و رۆژانی دوایی
كاتژمێر ( ٥ )

چاپخانەی كامەرانی

ئاوازی گۆرانی یەكان و مۆسیقا
ئازاد صالح - رزگار صدیق - ئاراس جمال
وەرگێرانی هۆنراوەكان بە دەستكاری یەوە :-
دلشاد عمر كاكی — ابراهیم هەورامانی

بەشداران مۆسیقا

| | |
|---|---|
| ئازاد صالح | كەمانچە |
| شوان علی | = |
| | = |
| | = |
| | = |
| عزیز حمە كریم | چەلو |
| ئاراس جمال | سەنتور - جاز |
| رزگار صدیق | ئۆكۆردیۆن |
| عدنان قادر | ایقاع |
| فلاح احمد | = |

گۆرانی / هوشیار حمە فرج - ئەڵوەن علی
كۆرس / فاطمە علی - گولزار مجید
زانا محمد - نریق عبداللە

## چالاكی ساڵی ( 1988 )

1-لەبەرواری ( 2/10 تا 1988/2/14 ) بەشداریم كرد لە ئاواز دانان بۆ شانۆگەری منالآن بەناوی ( ماسیە رەشە بچكۆلەكە ) لە نووسینی ( صەمەد ی بەهرەنگی ) لەلایەن تیپی شانۆی پێشرەوە وە و دەرهێنانی ( فەرهەنگ محمد ) زۆربەی ئاوازەكانی من دامنـا كـە پـتر لـە ( 10 )

ئاواز بوو کەواتە نزیکەی یەك مانگ پێش کیمیابارانی هەڵەبجە بەرهەمەکان نمایش کرا, و ئەم بەرهەمە داوا بەرهەمی هونەری بوو پێش ئەوەی هەڵەبجە کیمیا باران بکرێت.



تێبینی : ئەم یاداشتانەم لەکاتی خۆیدا بەووردی نووسیوەتەوە بۆ مێژوو بێ کەم و زیاد.

*تێبینی : پاش ئەوەی کە هەڵەبجە کیمیا باران کرا روەو ئۆردووگاکانی ئێران چووین لەوێ لە ئۆردوگای ( سەروچاوە ) نزیك شاری سەقز لەناو چادرەکاندا توانیم پەیوەندی بکەم بە ( امور تربیتی سقز ) وە چەند ئامێرێکی مۆسیقام وەرگرت وە چادرێکم وەرگرت لەوناوەدا وە دەستم کرد بە دامەزراندنی تیپی کۆرس و چەند ئامێرێکی مۆسیقام بەکارهێنا بەیارمەتی ئێرانیەکان لە بەرواری ( 1988/5/20 ) لەشاری مهاباد دەوڵەتی جمهوری ئیسلامی ئێران یەکەمین ( چەشنەوارەی هونەری کورد لەشەردا ) ساز کرد منیش چەند کۆرسێکم برد و چەند چالاکیەکمان پێشکەش کرد , لەوێ سەردانی هونەرمەند ( محمد ماملێم ) کرد لەگەڵ هونەرمەند ( فەیزی نەژادی ) . ئەمە یەکەمین ڤیستیڤاڵ بوو کە پاش چەند مانگێك لەو کارەساتە بۆ هەڵەبجە سازکرا,

*چالاکی ( 1989 )

*چالاکی ( 1990 )

لەم دوو ساڵەدا سەربازی بەرۆکی هەموو کوردی گرتبوو ئەو ساتانە ئێمە برِیاری ( 936 ) بووین و هیچ بواری کاری هونەری نەبوو بەڵکو لەگەڵ داگیرکردنی ( کوێت ) لەلایەن ( عیراق )ە وە من لە سەربازی هەڵاتم.

ئەمانە پوختەی چالاکیە هونەریەکانم بوو پێش راپەڕین.

# چالاکی ساڵی (1991)

1-تۆمارکردنی سروودی هەڵەبشیما بۆ تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان بۆ هونەرمەند (ووشیار حمە فرج).لە ئامادە کردنی (زانای محمود هەژار).

2-تۆمارکردنی گۆرانی (فریشتە گوڵرەنگەکان) لە ئاوازی (عزیز حمە کریم).

# چالاکی ساڵی (1992)

1-بەشدار کردن لە یەکەمین ڤیستیڤاڵی هەڵەبجەی شەهید لەبەرواری (1992/3/16) کە لەباخی گشتی هەڵەبجە سازدرا کە ئەم بەرهەمانە پێشکەش کران:

- کۆراڵی شۆرشی هەڵەبجە هۆنراوە : سەردار مەردان ئاواز: ئازاد ساڵح ووتنی: سەرحەد شەریف
- دێوانە: ئاواز : ئازاد ساڵح+ ووشیار حمە فرج ووتنی: ووشیار حمە فرج
- ناتوێینەوە: ئاوازی : عزیز حمە کریم ووتنی : ئازاد کریم
- جێژوانم هەڵەبجە بوو ئاوازی :ئاراس جمال ووتنی : نامق سعید






2-تۆمار كردنی ( 6 ) گۆرانی بۆ تەلەفزیۆنی گەلی كوردستان لە مانگی ( 10 ) ی ( 1992 ) كە ئەمانەن :

- بۆشەهید ئاوازی : ووشیار حمە فرج ووتنی: ئایار حسن
- دێوانە ئاوازی: ئازاد ساڵح+ ووشیار حمە فرج ووتنی: ووشیار حمە فرج
- هاوای هەڵەبجە هۆنراوەی : رفیق محمد ئامادەكرنی : ئازاد سالح ووتنی : نجم محمد
- شەماڵ بیشەنێ ئاواز : ئازاد ساڵح ووتنی : ئازاد كریم
- نەوبەهار ئاواز : ئازاد ساڵح ووتنی: سەرحەد شەریف
- شیرین و كابانێ ئامادەكرنی : ئازاد سالح ووتنی: ووشیار حمە فرج



# چالاکی ساڵی ( 1993 )

1-بەشداری کردن لە ڤیستیڤاڵی دووەمی هەڵەبجەی شەهید لە بەرواری ( 1993/3/16 ) لە گۆرەپانی شەهیدان لە هەڵەبجە.

- شەهید        ئاوازی : ووشیار حمە فرج        ئامادەکرنی : ئازاد ساڵح
- کۆراڵی شۆرشی هەڵەبجە        ووتنی : زاهیر جلال        ئاوازی : ئازاد ساڵح






# چالاکی ساڵی ( 1994 )

1- بەشداری کردن لە ڤیستیڤاڵی سێهەمی هەڵەبجەی شەهید ( 1994/3/16 ) لە شەهیدانی هەڵەبجە.

* کۆراڵی زامی هەڵەبجە    هۆنراوەی : ئازاد تۆفیق – دڵشاد عمر کاکی – فۆلکلۆر    ئاوازی : ئازاد صاڵح
* شەوەن خەڵوەتەن    هۆنراوە : مەولەوی    ئاواز : ئازاد صاڵح    ووتنی : ئازاد کریم

2- تۆمارکردنی ( 4 ) بەرهەم بۆ تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان ( puk.tv )

| گۆرانی | هۆنراوە | ئاواز | ئامادەکردن | ووتنی |
|---|---|---|---|---|
| * لێم گەڕێن | فۆلکلۆر | هۆشیار حمە فەرەج | ئازاد صاڵح | هۆشیار حمە فەرەج |
| * کاڵێ | فۆلکلۆر | هۆشیار حمە فەرەج | ئازاد صاڵح | هۆشیار حمە فەرەج |
| * لە نجە | فۆلکلۆر | هۆشیار حمە فەرەج | ئازاد صاڵح | ئازاد کریم |
| * گوێ چەم | فۆلکلۆر | بەختیار عبداللە – ئازاد | ئازاد صاڵح | نجم محمد |
| *کۆچ | نجم هۆگر | هۆشیار حمە فەرەج | ئازاد صاڵح | هۆشیار حمە فەرەج |


بەرهەمی نوێی
تیپی مۆسیقای شنروێ
هەڵەبجەی شەهید
١٩٩٤
کانی
لەیلە
لەنگەرین
Arch D.
DIARY T.'94







3بانگێشت کراین بۆ وولاتی ئەڵمانیا بۆ شاری هانۆڤەر, بەلام لەبەر شەڕی ناوخۆ ئەم سەفەرە نەکرا.

کۆمیتەی کوردەکان هانۆڤەر

Kurden Komitee Hannover e.V.

ژمارە : تایبەتی
بەروار : ١٩٩٤/٧/٢٠

بۆ ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی ... کوردستان
وەزارەتی رۆشنبیری
لایەنە پەیوەندیدارەکان

بابەت: یارمەتیدان و پشتگیری

سڵاوێکی برایانەی کوردانە

کۆمیتەی کوردەکانی هانۆڤەر و چەند دەستەیەکی تر هەموو ساڵێک بە یارمەتی حکومەتی نیدەرزاکسن هەڵدەستن بە سازکردنی فیستیڤاڵی ئارزانی کولتوری کوردی لە هانۆڤەر. بۆ ئەمساڵ تیپی مۆسیقای ئەشرۆڤای هەڵەبجە لە لایەن حکومەتی ئێرەوە بە رەسمی بانگ کراون و رۆژی ١٩٩٤/١٠/١ ئاهەنگ ئەگێڕن.

تکایە یارمەتی ئەوانیان بدەن و بە پێی توانا سەفەرەکەیان بۆ ئاسان بکەن

لەگەڵ رێزو سڵاوی برایانەماندا ... هەر سەرکەوتووبن

ناوی ئەو ئەندامانەی کە بانگ کراون بۆ هانۆڤەر

١- ئازاد حمە صالح حاجی ١٩٦٥
٢- ئاراس شیخ جمال ١٩٦٤
٣- هوشیار حمە فرج علی ١٩٦٠
٤- فرود جمال محی‌الدین ١٩٦٨
٥- محمود احمد عبدالرحمن ١٩٦٣
٦- حمەعزیز حمەکریم ١٩٦٣
٧- زانا محمود محمد ١٩٦٦
٨- شوان محمد علی ١٩٦٦
٩- ابراهیم نجم‌الدین میرزا ١٩٦٨
١٠- نجم محمد عبدالله ١٩٧٠
١١- ئازاد کریم علی ١٩٦٧
١٢- ئاشان محمد ابراهیم ١٩٦٣
١٣- جیا محمود محمد ١٩٦٦
١٤- زیان محمد شکر ١٩٦٧

Kurden Komitee Hannover e.V.

فەریدون ئازی
ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەر
٩٤/٧/٢٠

Postfach 210504
30405 Hannover
Germany

# چالاكی ساڵی ( 1995 )

1- بەشداری كردن لەڤیستیڤاڵی یەكێتی هونەرمەندانی كوردستان كە لەبەرواری ( 9/1 تا 9/5 / 1995 ) لە هۆڵی ڕۆشنبیری سلێمانی سازكرا وە لەو ڤیستیڤاڵەدا خەڵاتی ڕێزلێنان وەرگیرا. وە ( 2 ) گۆرانی نمایش كرا كە پاشان هەر لەو ساڵەدا بۆ تەلەفزیۆنی گەلی كوردستان تۆمار كرا.



2- لە بەرواری ( 8/ 11/ 1995 ) لیژنەی هەڵسەنگاندنی هونەری ڕەزامەندی خۆی لەسەر تۆماركردنی ( 2 ) گۆرانی بۆ تەلەفزیۆنی گەلی كوردستان دەربڕی بە ژمارە نوسراوی ( 32 ) لە ( 1995/11/8 ) وە پاشان هەردوو بەرهەمەكە بۆ تەلەفزیۆن تۆمار كرا بەم ناوانە :-

* گۆرانی ( ئازیز بەگیانت ) هۆنراوەی: فۆلكلۆر- محمد پاكژ ئامادەو دابەشكردنی مۆسیقا: ئازاد صاڵح ووتنی : نەجم هۆگر

* گۆرانی ( بارانە ) ئاوازو دابەشكردنی : ئازاد صاڵح هۆنراوەی : سەلاحە ڕەش ووتنی : ئازاد كریم





*ئاهەنگێك لە هەڵە بجە بۆ ئاشبوونەوەی لایەنەكان لە هەڵە بجە لە هۆڵی ئەحمەد موختار .


بو بەریـــز/
لەژیـــر چاودیری بەریـــزی قائمقامی هەلەبجەو لەژیر دروشمی
(( هەموو ئاوازەکان بوئاشتی )) .... بوکوردستان )) تیپی موسیقای شنروی هەلەبجەی
شەهید ئاهەنگی گورانی وموسیقای کوردی سازئەکات لەهولی ((احمد مختارجاف)) روژی ٥شەممە
ریکەوتی /١١/ ٩٩٤ .. خوشحالین بەئامادەبونتان .

---

بوبەریـــز/
لەژیر چاودیری بەریز قائمقامی هەلەبجە ولەژیردروشمـــی
((هەموو ئاوازەکان بوئاشتی ... بوکوردستان )) تیپی موسیقای شنروی ی هەلەبجەی شەهید
ئاهەنگی گورانی وموسیقای کوردی سازئەکات لەهولی ((احمد مختارجاف روژی ٥شەممە ریکەوتی
خوشحالین بەئامادەبونتان .

---

بەریـــــز/
لەژیرچاودیری بەریزقائمقامی هەلەبجە ولەژیردروشمی ((هەموو ئاوازەکان بوئاشتی ))
... بوکوردستان )) تیپی موسیقای شنروی ی هەلەبجەی شەهید ئاهەنگی گورانـــی و
موسیقای کوردی سازئەکات لەهولی ((احمد مختارجاف)) روژی
٥شەممە ریکەوتی /١١/ ١٩٩٤ .. خوشحالیم بەئامادەبونتان .

## چالاکی ساڵی ( 1996 )

**1- بەشداری کردن لەڤیستیڤاڵی هەڵەبجەی شەهید لە هەڵەبجە لەباخی گشتی رۆژی 3/16 وە بەشداریکردن لە هەمان ڤیستیڤاڵ لە هەڵەبجەی تازە رۆژی 3/17 وە دووبارە کردنەوەی هەمان بەرنامە لە هۆڵی رۆشنبیری سلێمانی رۆژی 3/118 و دانانی کۆراڵێك کە نواندن ئامێز بوو.**

**2- تۆمارکردنی کاسێتێك کە بریتی بوو لەم گۆرانیانەی خوارەوە کە هەمووی لەبەرنامەیەکدا بە ناوی ( دیداری شنروێ ) بە بۆنەی جەژنی رەمەزانی ئەو ساڵەوە تۆمار کرا بۆ تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان کە لە دەرهێنانی مامۆستا ( ئەنوەر قەرەداغی ) بوو بەرهەمەکانیش ئەمانە بوون:**

| گۆرانی | هۆنراوە | ئاواز | ئامادەکردن | ووتنی |
|---|---|---|---|---|
| * هەی نایە | فۆلکلۆر | فۆلکلۆر | ئازاد صاڵح | عبداللە حمەلاو |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| * سەفەر | ئیسماعیل خورماڵی | هوشیار حمە فەرەج | ئازاد صاڵح | هوشیار حمە فەرەج |
| * ئەریٚ ناز | فۆلکلۆر | ئازاد صاڵح | ئازاد صاڵح | تارا ڕەسوڵ |
| * ئامان ئازیزم کوا | فۆلکلۆر | ئازاد صاڵح | ئازاد صاڵح | نجم   محمد |
| * ئەشەو زەمەن | صاڵح بێچار | سلام ڕەشید | سەلام ڕەشید | لوقمان سەلیم |
| * دێینەوە | صاڵح بێچار | سەلام ڕەشید | سەلام ڕەشید | توانا جەمال |
| * هۆنازدار | فۆلکلۆر | فۆلکلۆر | ئازاد صاڵح | ئازاد کریم |










3- بەشداری کردن لە ڤیستیڤاڵی کارەسات و ڕاپەڕین لەشاری قەڵادزێ ئەم بەرهەمانە پێشکەش کرا لەبەرواری (1996/4/24)

* سێ فرمێسیک      هۆنراوە : حمید عبداللە      ئاواز: ئازاد صاڵح      ووتنی: زاهیر جەلال

* بۆ قەڵادزێ      هۆنراوە: ئیبراهیم هەورامانی      ئاواز: سلام ڕەشید      ووتنی: لوقمان سەلیم

| | | | |
|---|---|---|---|
| * شەهید | هۆنراوە و ئاواز: هوشیار حمە فەرەج | | ووتنی : توانا جەمال |
| * نەوەی قەندیل | هۆنراوە: بێزار عمر | ئاواز : سەلام ڕەشید | ووتنی ك فواد محمد |
| * شاری شەهید | هۆنراوە: محمود ئەحمەد | ئاواز : ئازاد صاڵح | ووتنی : ئازاد كریم |
| * خەزان | هۆنراوە: ئازاد تۆفیق | ئاواز: عزیز حمەكریم | ووتنی: نجم محمد |



# چالاكی ساڵی ( 1997 )

1- بەشداری لەڤیستیڤاڵی هەڵە بجە لەهۆڵی ڕۆشنبیری سلێمانی لە ( 1997/3/16 ) وە پێشكەش كردنی ( كۆراڵێك و چەند تابلۆیەك ) بەناوی ( هەڵە بجەو عەشق – هەڵە بجەو زام – هەڵە بجەو خەم ) كە :

* بیرۆكەو سیناریۆ : ئازاد صاڵح
* هۆنراوەی : م. ئەمین سەبان
* ئاوازی : ئازاد صاڵح
* دەرهێنانی: جلال عثمان

که نزیکەی ( 50 ) مۆسیقا ژەن و کۆرس و ئەکتەر بۆ ماوەی ( 1 ) سەعات بەشدارییان تێدا کرد کە نواندن و جووڵەو مۆسیقا تێکەڵ بوو کە ئەم گۆرانیبێژانە بەشدارییان تێدا کرد : ( لوقمان سەلیم – ئازاد کریم – عادل – نیگار – مەڕوان حمەخورشید – ئەرجومەند – توانا جمال )

وە ئەم ئەکتەرانە ڕۆڵیان بینی : ( جلال عوسمان, حیکایەت خوان – فواد صالح, نالی – دلێر ئەحمەد , وەلی دێوانە – سەمیرە, شەم – شێرکۆ حمەسعید, مەولەوەی – طاهر عبدالله, ئەحمەد موختار – ئازاد حمەخورشید, گۆران – کامەران ئەحمەد, مینەی لولەك ژەن – چەند فریشتەیەك )





2- تۆمارکردنی بەرنامەیەك بۆ جەژنی ڕەمەزان لە هۆڵی کەلە پوور بۆ تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان بۆ ئەم گۆرانیبێژانە :
( عومەر خەزان – عثمان کێمنەیی – هەورامان عزەت – سیروان لهۆنی – ئەرجومنەد هەورامی – دڵسۆز عثمان کێمنەیی – ئەمین سەبان – شاعیر )

وە لەجەژنی ڕەمەزاندا لە ( puk.tv ) نیشان درا.

# چالاکی ساڵی ( 1998 )

1- بەشداری کردن لەفێستیڤاڵی هەڵە بجەی شەهید بە ناوی ( با هەڵە بجە فریاد ڕسمان بێت بۆ ئاشتی ) کە لەهۆڵی ڕۆشنبیری سلێمانی سازکرا بەم بەرهەمانە :

* کۆراڵی سوتماکی هەڵە بجە          هۆنراوەی: ئازاد صالح          ئاوازو ئامادەکردن : ئازاد صالح – عادل حسن
* سروودی ( بەرێ کەون )          هۆنراوەی : ڕێبوار میران          ئاوازی : سلام ڕەشید          ووتنی : لوقمان سلیم

بەهاوکاری خوێندکارانی ( دواناوەندی سۆلاڤی کچان – ئامادەیی پیشەسازی زانستی – قوتا بخانەی سەرەتایی ڕوخۆش )





2- تۆمارکردنی ( 9 ) بەرهەم وەك شریتی کاسێت پاشان تۆمارکردنی بۆ تەلەفزیۆنی کوردستان لەبەرنامەی ( ڕازەکانی دڵ ) کە پێشکەش کردنی ( بەهات حسیب قەرەداغی ) بوو لەم بەرهەمانە :







| ووتنی | ئامادەکردن | هۆنراوە | ئاواز | گۆرانی | ز |
|---|---|---|---|---|---|
| محمد ڕەؤوف کەرکوکی | چالاك عثمان | فۆلکلۆر | حسێن علی | تەنکە | 1 |
| ئەکرەم حمە ڕەشید | عادل حسن | ئەحمەد محمد | مەڕوان حمەخورشید | وون بوون | 2 |
| سیروان لهۆنی | ئازاد صالح – عادل حسن | فۆلکلۆر | فۆلکلۆر | لەیل لەیل | 3 |
| ئاشتی عارف | عومەر عبدالله | ئەحمەد محمد | عومەر عبدالله | جودایی | 4 |
| ئازادە ڕەش | سلام ڕەشید | سەنار | سلام ڕەشید | گوڵزاری شیرین | 5 |
| لوقمان سەلیم | ئازاد صالح | صالح بێچار | ئازاد صالح | دابڕان | 6 |
| هەورامان عزت | ئازاد صالح | فۆلکلۆر | فۆلکلۆر | گەشتی هەورامان | 7 |
| ئیبراهیم نجم الدین | نیاز محمد | صلاحە ڕەش | هۆشیار حمە فرج | بووك | 8 |
| طالب ڕەسول | عادل حسن | طالب ڕەسول | طالب ڕەسول | زامی دووری | 9 |




# چالاکی ساڵی ( 1999 )

**تۆمار کردنی ( 2 ) گۆرانی بۆ هونەرمەندی کچ ( نیان عبدالله )**

**کە ئەمانە بوون :-**

| ووتنی | ئامادەکردن | هۆنراوە | ئاواز | گۆرانی | ز |
|---|---|---|---|---|---|
| نیان عبدالله | ئازاد صالح | نجم هۆگر | بەختیار عبدالله | ئەوین | 1 |
| نیان عبدالله | عادل حسن | ئەحمەد محمد | نیاز محمد | هەناسەکەم | 2 |




# چالاکی ساڵی ( 2000 )

1- تۆمارکردنی کۆراڵێك بۆ یادی هەڵە بجەی شەهید لە ( 2000/3/16 ) لە ئاوازی ( ئازاد صالح – عادل حسن ) کە ئەم کۆراڵە بە کاسێت دابەشکرا بەسەر ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکاندا.

2- تۆمار کردنی ( 3 ) زنجیرە کەهەریەکەیان ( 30 ) دەقیقە بوو لەبەرنامەی ( ساباتی هونەر ) لە پێش کەش کردنی ( بورهان خۆشناو ) بۆ کەناڵی ئاسمانی کوردسات کە ئەم بەرهەمانە بوون:

* هەی گوڵ — ووتنی : تاڤگە تفەنگچی — ئامادەکردن : ئازاد صالح
* هەوای باخی میر — ووتنی : کۆچەر عمر — ئاوازو ئامادەکردن ئازاد صالح
* لە نجە — ووتنی : ئازاد کریم — ئامادەکردن : ئازاد صالح
* ئامان — ووتنی: نجم محمد — ئامادەکردن: عادل حسن
* کچی هەورامان — ووتنی: هەورامان عزت — ئامادەکردن: عادل حسن
* ............ — ووتنی : ئەکرەم حمەڕەشید — ئامادەکردن: ...........

لەگەڵ چەند بەرهەمێکی تر.....

3- تۆمارکردنی گۆرانیەك بۆ هونەرمەند ( یونس بوراقی ) بۆ کەناڵی ئاسمانی کوردسات بەناوی ( جوانێ گیان ) لەبەرهەمەکانی ( محمدی ماملێ )



# چالاکی ساڵی ( 2001 )

1- تۆمارکردنی بەرنامەیەکی تایبەت بۆ تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان بۆ جەژنی ڕەمەزان لەهۆڵی ڕۆشنبیری سلێمانی لە دەۆهێنانی ئەنوەر قەرەداغی ) وە چەند کەسایەتیەکی کۆمەڵایەتی ئامادە بوو, ئەم بەرهەمانە بە دۆبلاژ پێشکەش کرا :

- جەژنەن شادیەن ئامادەکردنی: ئازاد ساڵح ووتنی : ئازاد کریم
- بەهاری ئەمساڵ ئاوازی : ووشیار حمە هۆنراوە: حسیب قەرەداغی ئامادەکردنی: عادل حسن ووتنی: لوقمان سلیم
- ئەی دڵەی پڕ لەغەم ووتنی: ئازاکریم و کۆچەر عومەر
- هەنار هەنار ووتنی: تاڤگە تفەنگچی






- تۆ ما رکردنی دوو گۆرانی بۆ هونەرمەند ( بەرزان سەیدا ) بۆ خاك TV و کوردسات ساڵی
- تۆمارکردنی گۆرانی ( چاوەڕوانی ) بۆ هونەرمەند ئازاد کەریم ئاوازی ئازاد کەریم وە دا بەشکردنی توانا خورشید وە بەشداری کردنی لە فێستیڤاڵی چوار چرا و تۆمار کردنی بۆ کەناڵی ئاسمانی کوردسات.

2-تۆمارکردنی ( 1 ) گۆرانی بۆ هونەرمەند سابیر کوردستانی بۆ کەناڵی ئاسمانی کوردسات.







# چالاکی ساڵی ( 2002 )

**بەشداری کردن لە ڤیستیڤاڵی هەڵەبجەی شەهید لە هەڵەبجە لە بەرواری ( 2002/3/16 ) , ئەم بەرهەمانە پێشکەش کرا :**

- **پەپوولە    ئاواز : ئازاد سالح    هۆنراوە : حکیم ساڵح    ووتنی : شیلان عوسمان**
- **شەهید    ئاواز: ووشیار حمە فرج    هۆنراوە : حکیم ساڵح    ووتنی : شیلان عوسمان**
- **سێ فرمێسک    ئاواز : ئازاد ساڵح    هۆنراوە : حمید عبداللە    ووتنی : زاهیر جلال**
- **لە دوور هەڵەبجە    ئاواز : ئازاد سالح    هۆنراوە : ئەژی گۆران    ووتنی : لوقمان سلیم**
- **ڕۆ ڕۆ    ئاواز : فۆلکلۆر    هۆنراوە : فۆلکلۆر    ووتنی : دلسۆز عوسمان کێمنەیی**
- **ئای دڵ    ئاواز : فۆلکلۆر    هۆنراوە : فۆلکلۆر    ووتنی : سیراوان لهۆنی**









- تۆمارکردنی سی دی یەك بۆ هونەر مەند هوشیار حەمە فەرەج کە بریتی بوو لە نۆ بەرهەم









- تۆمارکردنی گۆرانی (کاڵێ) بۆ هونەرمەند ئازاد کەریم ئاوازی ئازاد کەریم وە دا بەشکردنی توانا خورشید وە بەشداری کردنی لە پێشبڕکێ ی کوردسات وە پلەی دووەمی بە دەست هێنا و تۆمار کردنی بۆ کەناڵی کوردسات.
- تۆمارکردنی گۆرانی (دەلێم گەڕێن )بۆ هونەرمەند (شیلان عوسمان )بۆ کەناڵی puk TV

.

## چالاکی ساڵی (2003)

بەنیازین لەم ساڵەدا چەند بەرهەمێك بەئە نجام بگەیەنین کە ئێستا لە خۆ ئامادەکرندان بۆ ئەوەی نەخشەی بۆ داڕێژین.

- ـ بەشداری کردن لە فێستیڤاڵی ناوەندی ڕوناکبیری هەڵە بجە ڕێکەوتی24/ 7/ 2003 لە هۆڵی ئەحمەد موختار لە هەڵە بجە ی شەهید





- بەشداری کردن لە فێستیڤاڵی هونەری شارەزور ڕێکەوتی 2003/12/16 لە هۆڵی ئەحمەد موختار لە هەڵەبجە ی شەهید.





# چالاکی ساڵی (2004)

بە شداری کردن لە ئا هەنگی کردنەوەی کۆنگرەی ناوە ندی ڕوناکبیری هەڵە بجە ڕێکە وتی 2004/1/6 لە هۆڵی یادگاری هەڵە بجە.





# چالاکی ساڵی ( 2005 )

- بەشداری کردن لە فێستیڤاڵی ی ه ك کوردستان لە هۆڵی سلێمانی ڕێکەوتی 2005/2/24







- بەشداری کردن لە فێستیڤاڵی هەڵە بجە ی شەهید ڕێکەوتی 2005/3/16 بە هاوبەشی هونەرمەندان ناسری ڕەزازی و هوشیار حەمە فەرەج







- تۆمارکردنی دوو گۆرانی بۆ هوشیار حەمە فەرەج بە ناوی ( میوان )بۆ تەلە فزیۆنی پەروە ردە وە گۆرانی ( تا نەڕۆیشتی ) بۆ کەناڵی کوردسات




- گەشتێك بۆ وولاَتی تورکیا و لەوێوە بەرەو ئەڵمانیا بۆ سازدانی فێستیڤاڵ و سە ر نەکەوتنی سەفەرەکە ڕێکەوتی 2005/11/12 تـــــا2005/11/24

**Shnrwe musical team** — **تیپی مۆزیکی شنروێ**

NO : — ژمارە : ٥

date: — بەروار : ٢٠٠٥/١٠/٢٥

## بۆ / لایەنە پەیوەندیدارەکان

سڵاوێکی هونەری

تیپی مۆسیقای شنروێ بانگهێشت کراوە بۆ بەشداریکردن لە فیستیڤاڵی ئاهەنگی ئەڵمانیا کە لە شاری کۆلن لە ئەڵمانیا لە ١٠ ی ئۆکتۆبەری ئەمساڵدا ساز دەکرێت ژمارەی ئەندامانی بەشداربوو (١٩) ئەندامە بۆ ئاگاداری بەڕێزتان

| ز | ناوەکان | ئامێری | پلە | ژمارەی پاسپۆرت |
|---|---|---|---|---|
| ١- | ئازاد حمه صالح سادق | کەمانچە | سەرۆکی تیپ | 1822196 |
| ٢- | عادل حسن حمه امین | کەمانچە | ئەندام | 0913010 |
| ٣- | ئوالا خورشید محمد | کەمانچە | ئەندام | 0151863 |
| ٤- | حمه عزیز حمه کریم | عود | ژەنیار | 1822222 |
| ٥- | ئوالا ابوبکر قادر | فلوت-شمشاڵ | ئەندام | 1822218 |
| ٦- | دانا ابو بکر قادر | سەنتور | ئەندام | 1822207 |
| ٧- | فواد کریم علی | ساز | ئەندام | 0912989 |
| ٨- | [illegible] | [illegible] | ئەندام | 1822962 |
| ٩- | ئاشکۆ ئازاد حمه صالح | دەهۆڵ | ئەندام | 1822190 |
| ١٠- | عمر عبدالله محمد | چەپڵە | ئەندام | 0913013 |
| ١١- | [illegible] جمال علی | دایرە-دەف | ئەندام | 0913005 |
| ١٢- | اکرم حمه رشید احمد | گۆرانی بێژ | ئەندام | 1822189 |
| ١٣- | ئازاد کریم علی | گۆرانی بێژ | ئەندام | 1822223 |
| ١٤- | لقمان سلیم فتاح | گۆرانی بێژ | ئەندام | 0912987 |
| ١٥- | نەوروز علی حمه رحیم | گۆرانی بێژ | ئەندام | 1822188 |
| ١٦- | شیلان عثمان عزیز | گۆرانی بێژ | ئەندام | 0913007 |
| ١٧- | کوێستان عمر عبدالله | گۆرانی بێژ | ئەندام | 0299068 |
| ١٨- | صلاح احمد رشید | شانۆکار | - | 1518362 |
| ١٩- | [illegible] احمد رشید | شانۆکار | - | 1520389 |

واژۆی بەڕێوەبەری

تیپی مۆسیقای شنروێ

# چالاکی ساڵی (2006)

- تۆمارکردنی دەنگی گۆرانی (کزەی شەماڵ ) بۆ هونەرمەند بەهرۆز بەڵخەیی لەکەناڵی ئاسمانی کوردسات وە وێنە گرتنی لە گوندی بەڵخەی ناوچەی هەورامان لە سەر ئەرکی تیپ وە پەخش کردنی بەسەر کەناڵەکانی (کوردسات – کوردستان TV-زاگرۆس-العیراقیە-تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان ) دا0




تۆمارکردنی بەرنامەیەکی تایبەت بۆ میوانداری تیپی مۆسیقای شنروێ لە کەناڵی ئاسمانی کوردسات کە شەوی 2006/8/31 راستەوخۆ دابەزی کە بریینیبوون لەم گۆرانی بێژانە :

1. ئەکرەم حەمە رەشید
2. دڵسۆز عوسمان
3. اسماعیل سابوری
4. بەهرۆز بەڵخەیی
5. ئازاد کریم






ئەم چالاكيانە ئەو چالاكيانەن كە لە ئەرشيف و يادەكانمدا تۆمار كراوە چەندين چالاكی لاوەكی يان لەيادكراو هەيە لەژيانـدا بـەلاّم لێرەدا تۆمار نەكراوە بە هۆی فەوتـاندنی لە كيميا بارانی هەڵە بجە يان لەناوچوونی , وابزانم مێژووش شاهيدە بۆ ئەم چالاكيانە چونكە مرۆڤ هونەری بۆ هونەر كردووە نەك بۆ وەدەست هێنانی پايەو دەستكەوت . . . جاران پيرۆزيەك هەبوو بۆ خوێندنەوەی ژيـان و هونـەر كـە پێودانەكانی لە ئێستادا زۆر جياوازە . .

# بوای نووسين

گەر بوار هەبوايە لە ژيان , نووسين يەكێكە لە هەرە خەونە خۆشەوويستەكانم بەلاّم ئەوەی كە ناهێڵێت بواری وەدەستهێنانی نانە بۆ ژيان لـەلای خۆمـەوە هەوڵمـداوە ئـەوەی لەتوانامـدا بێت بـە شێوەيەكی ئـەكاديمی مۆسيقا بخوێنمـەوە وەك زانست و هونـەر ئەمـەش چـەند نووسينێكی كورتە لەسەر چەند مەسەلەيەكی موزيكا و بواری ژيان :

| | | |
|---|---|---|
| 1-تيپی مۆسيقای هەڵەبج و چەند سەرنجێك | هاوكاری | 1977/12/15 |
| 2-گۆرانی فۆلكلۆری كورد و چەند لێكۆڵينەوەيەك | كوردستانی نوێ | 1997/8/21 |
| 3- پەيوەندی مۆسيقا بە سەماوە | كوردستانی نوێ | 1998/3/12 |
| 4- ميرزادە ئەو هونەرمەندەی هێندەی تر گۆرانيەكانی حسن زيرەكی رازاندۆتەوە | كوردستانی نوێ | 1998( نيە ) |
| 5-خێزانی كامكار و مۆسيقای كوردی | كوردستانی نوێ | |
| 6-ريتم لەنێوان ژان و مۆسيقادا | كوردستانی نوێ | 1997/12/4 |
| 7-هونەرمەندان سەبارەت بەرەوتی شانۆ و شێوەكار و مۆسيقا | كوردستانی نوێ | 2000/2/24 |
| 8- پێناسەيەك بۆ ئابووری نێودەوڵەتی | كوردستانی نوێ | 2000/4/5 |
| 9-خوێندنەوەيەكی زانستيانە بۆ مۆسيقا | كوردستانی نوێ | 1999 ( نيە ) |
| 10-چێژو فۆرم لە جونكاری مۆسيقادا | شاكار | ژمارە ( 1 ) |
| 11- پرۆشەی هەستی مرۆيی مرۆڤ لە سيمفۆنياكانی بتهۆڤندا. | شاكار ژمارە | ( 2 ) |